# دانیشتووانی بنەسڵاوە لە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی مادەی 140 لە کاتی دیاریکراودا نائۆمێدن

ئا: سالار بابەشێخ

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاوارە و دەرکراوی کەرکوك لە قەزای دەشتی هەولێر یان شارۆچکەی بنەسڵاوە گیرساونەتەوە و هەرکامیان رووبەڕووی چەندین گیروگرفت و کێشەی مادی و مەعنەوین. زۆربەی ئەو هاووڵاتییانەش بە گومانەوە سەیری چارەنووسی خۆیان دەکەن و نازانن کەی ئەو خەونەیان دێتە دی کە بگەڕێنەوە بۆ سەر حاڵ وماڵی خۆیان. لە راوەرگرتنی خەڵکی ناوچەکەدا لە سەر پرسی جێبەجێ کردنی مادەی (140) ، کە لەوانە تەنها 11 ئافرەت ئامادە بوون قسە بکەن، لەو ئافرەتانەش 2 کەسیان نائۆمێد بوون لە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان و 6 کەسیان دڵنیا بوون کە مادەی 140 جێبەجێ دەکرێت، 3و "نازانم" وەڵامی 3 کەسیان بوو. هەر لەو راپرسییەدا 44 گەنج و 28 کەسی تەمەن ناوەندی و 17 پیاوی پیری بەساڵاچوو لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە "ئایا لە کاتی دیاریکراودا مادەی 140 جێبەجێ دەکرێ؟" لە ئەنجامی گشتیدا وەڵامەکانیان بەم رێژەیەی خوارەوە بوو:

(13٪) نازانم

(16٪) بەڵێ

(71٪) نەخێر

بۆ ئەوەی کە مادەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێ، لێپرسراوان بەگشتی لەسەر یەکبوون و یەکڕیزی هێزە سیاسییەکانی کورد داکۆکییان دەکرد و بە رێژەی 82٪ ی بەشدارانی راپرسییەکە لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی مادەی 140 دا، داوای جیابوونەوەی کوردستانیان لە حکومەتی عێراقی کرد و خوازیاری راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان بوون.

"مادەی 140 جێبەجێ ناکرێت قەناعەتم پێی نییە"، ئەمە قسەی "ئەحمەد رەشید"ی تەمەن 30 ساڵە کە خەڵکی کەرکوکە و دانیشتووی بنەسڵاوەیە، ئەو دەڵێت "حکومەتی عێراق قەد لەگەڵ کورد راستی نەکردووە و نایکات" ئەحمەد ئاماژە بە هەڕەشەکانی تورکیاش دەکات کە "ئەوانیش دەڵێن کەرکوك جوگرافیای ئێمەیە، عەرەبە سوننەکان هەر دان بە کورددا نانێن، تورکمانەکان بە پشتیوانی تورکیا گێرەشێوێنی دەکەن، ئەمریکاش راست ناکات لەگەڵ کورد، کوردەکە تەنیایە، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەوە مادەیە وا بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت". ئەو پێیوایە بۆ گەڕانەوەی عەرەبەهاوردەکان بۆ شوێنی خۆیان، پارەیەکی زۆریان پێدەدرێ و گوتی "دوو دەفتەر و نیو بە عەرەبەکان دەدەن بیانگەڕێننەوە با 20 وەرەقەش بە ئێمە بدەن، بەخوا ئەگەر 20 وەرەقەم پێبدەن 5 منداڵم لە مەکتەبە مەکتەبەکەشیان ئەفەوتێنم، ئەگەڕێمەوە بۆ کەرکوك عەرزیشم وەر گرتووە، یەك دوو ژووری پێ دروست دەکەم و لە ئاوارەیی و کرێچییەتی رزگارم دەبێت ئەرێ وەڵلا ".

"شەماڵ محەمەد"ی تەمەن 44 ساڵ خەڵکی کەرکوکە و دانیشتووی بنەسڵاوەیە، ئەو کە تەنانەت سەرتاسەری رۆژی هەێنی پاڵی بە عەربانەکەیەوە ناوە و بە ناو کولانەکانی شاری هەولێردا گەڕاوە هەتا لەتکە و ووردکە نان کۆ بکاتەوە و لە رێگەی فرۆشتنیەوە بژیوی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات، ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە و لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیە لە سەر داهاتووی کەرکوك قسە بکات. لە دەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت "بەخوا زەحمەتە کەرکوکمان پێ بدەنەوە، چونکو دوژمنمان زۆرە، ئەوە شتێکی خەیاڵییە". شەماڵ سوێن دەخوا کە ئەگەر حکومەت یارمەتی دارایی

بدات ئەویش بچێتەوە بۆ کەرکوك، لەمبارەیەوە گوتی "بە خوا تا ئێستا یەك دینارم وەر نەگرتووە، بەڵام خوا دەزانێ هەر ئێستا 10 وەرەقەم بدەنێ لەگەڵ خۆرئاوا بار دەکەم دەگەڕێمەوە بۆ کەرکوك". وەك باسیکرد جارێك بە خێزانەوە گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوك و بەڵام لە بەر هەژاری دیسان ئاوارە بووەتەوە "پارچەیەك عەرزیان پێداوم لە مەعەسکەر خالید جێیەکەیشی خەتەرە، بۆیە هەر نامەوێ تەماحم تیا نەماوە، بەڵام با حکومەت 10 وەرەقەم بداتێ تاقی بکاتەوە بزانێ بۆ یەك سەعاتیش لە هەولێر بەند نابم".

"مەزهەر محەمەد"ی تەمەن 53 ساڵ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا مادەی 140 لە کاتی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت و کەرکوك دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان دەڵێت "گومانی تیا نییە زۆر زۆر زەحمەتە"، وەك نموونەش ئاماژە بە ژیانی خۆی دەکات کە ماوەیەکی لەگەڵ عەرەبەکان ژیاوە و پێیوایە حکومەتی عێراقی "بە هیچ شێوەیەك دان بە قەراری 140دا" نانێ. ئەو رایگەیاند کە خەڵکی کوردستان بەگشتی بەدەسەڵات و هاووڵاتییەوە، بەشێوەیەکی لەبار و گونجاو لە دەرفەتەکان کەڵك وەر ناگرێن، "لە دوای رزگارکردنی کەرکوك ئیزنیش درابووین دەست بەسەر کەرکوکدا بگرینەوە بەڵام ئێمە بۆ خۆمان ئەوەمان پاش گوێ خست بەراستی". ئەو پرسیار دەکات "ئایا بە درێژایی مێژووتا ئێستا عەرەب رۆژێك دانی بە ئێمەدا ناوە وەك کوردی دەسەڵاتدار؟ ئێمە تەجروبەمان هەیە عەرەب بەردەوام هەر وەختەکەی کوشتووە و هەر دەسەڵاتی خۆی سەپاندووە و پەلاماری کوردی داوە، لە لایەکی تریشەوە هەتا ئێستا کەس لە نهێنییەکانی ئەمریکا تێنەگەیشتووە،".

"شێروان هاشم"ی تەمەن 16 ساڵ دووکاندارە، ئەو گەشبینە بە گەڕانەوەی کەرکووك و لەگەڵ ئەوەش دەڵێت "ئەگەر مادەکە جێبەجێ بکرێت و کورد و عەرەب پێی رازی بن، هێشتا زەحمەتە و گەڕانەوەی کەرکوك بۆ کوردستان تەئخیر دەبێ".

"نەعمان عەبدولڕەحمان محەمەد غەریب" خێزاندارە و باوکی سێ منداڵە، ئەو بە پێچەوانەی زۆربەی هاووڵاتییانەوە دڵنیایە لەوەی کە کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ سەر کوردستان و دەڵێت "پێم خۆشە شاری خۆم بگەڕێتەوە سەر وڵاتی خۆم و دڵنیام بەسەرکردایەتی حەکیمانەی کورد کەرکوك وەر دەگرینەوە".

"کامەران محەمەد"ی تەمەن 38 ساڵ دەڵێت "عەرەبەکان نیازیان پاك نییە لە گەڵ ئێمە، بۆیە کەرکوك ناگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان".

"عیسا میرزا"ی تەمەن 25 ساڵ تەنها مەرجی بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ کوردستان ئەوەیە کە "کورد بە گشتی دەست لە ناو دەستی یەکتر دابنێن"

"سوهەیب میزا"ی برای عیساش کە 22 ساڵی تەمەنە دڵنیایە کە "کەرکوك خاکی کوردستانە و بۆ کورد دەگەڕێتەوە". ئەو دەڵێت "ئێمە بۆ تورکیا و بۆ ئەوانەی حەز ناکەن ئێمە بە مافی خۆمان شاد بینەوە حیسابیان بۆ ناکەین".

"ئەحمەد یارە"ی تەمەن 57 ساڵ "ئەگەڕێتەوە هەر ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ گەلی کورد، تەنها ئەمریکا بۆی هەیە موداخلەی بکات و چ علاقەی بە تورکیا و وڵاتانی تر نییە، خۆ ئەوان خەڵکیان لە دەستی سەدام رزگار نەکردووە".

"بێستوون عەبدولکەریم"ی تەمەن 29 ساڵ دوو دڵە بۆیە تەنها وەڵامی ئەوەیە دەڵێت "نازانم خواکەریمە". "ئەحمەد فەتاح"ی تەمەن 31 ساڵیش گوتی "من حەز دەکەم، بەڵام نازانم دەگەڕێتەوە یان نا".

"محەمەد ساڵح" کارمەندی وەزارەتی ناوخۆیە و تەمەنی 22 ساڵە کە رای وایە "ئەگەر سەرۆکی حکومەت و لایەنەکان و میللەتەکەی خۆمان هاوکاری یەکتر بکەن حەتمەن مادەی 140 جێبەجێ ئەکرێ".

"نوری عەبدولقادر"ی تەمەن 57 ساڵ دەڵێت "ئەمرۆ کار لە عەقڵدا نەماوە بە قانوونە، بە قانوونی بێت ئەبێت تەتبیق بکرێ، بۆیە گەشبینم بەوەی کە کەرکوك ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان"، لە بارەی دەستتێوەردانی وڵاتانی

**دەوروبەریش گوتی "قەزییەی ئێران و تورکیا و سوریا ئەمانە هیچ قیمەتیان نییە، ئەگەر ئەمریکا راست بکات لە گەڵمانا ئەوانە هەوو باوگژە".**

**"پەخشان" نازانێت 35 ساڵی تەمەنە یان 40 ساڵ، لە بارەی پرسەکەوەش دەڵێت "نازانم".**

**"هەتا ماوم دەڵێم کەکوك دەگەڕێتەوە سەر کوردستان و دەبیٚ هی خۆمان بێت، ئێنشالاٚ تیرۆریست نەمێنیٚ و عێراقیش نیەتی باش بیٚ و بە خۆشی کەرکوکمان پیٚ بدەنەوە". ئەمە قسەی "زارا میرزا "ی تەمەن 62 ساڵەیە.**

**"نەوزاد داود" دەڵێت "حەزدەکەم هەر چی زووتر مادەی 140جێبەجیٚ بکرێت، دەبێت راپرسی لە کەرکوك بکرێت و خەڵك هەر قەرارێك بدات جێبەجیٚ بکرێت و بەر لە راپرسییەکەش کوردەکانی کەرکووك و ئاوارەکانی بگەرێنەوە سەر ماڵی خۆیان ".**

**"کەریم جاف" لە دایکبووی ساڵی 1931ە کە لە وەلاٚمی پرسیارەکەدا گوتی "ئەگەر یەکێتی هەبیٚ ئەوە کەرکوك دێتەوەسەر خاکی کوردستان، ئەگەر جاشیشمان زۆر بیٚ و بلاٚوەی لێبکەین ئەوە جێبەجیٚ نابێت، لە هەر حاڵدا کەرکوك لە زەمانی عوسمانییەکان و لە پێش زۆر دەوڵەتی تر و پێش دەورەی خانزادیش کەرکوك هەر هی کوردستان بووە، تاریخم خوێندۆتەوە خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ وا ئەڵێت کەرکووك تاریخییەن هی کوردە".**

**ئازاد قادر کەریم "ی تەمەن 53 ساڵ تەنها دەڵیت" ئینشاللاٚ جێبەجیٚ دەکرێت" و "عومەر رشید"ی تەمەن 41 ساڵیش هەربەو شێوەیە وەلاٚمی دایەوە"بە ئیزنی خوا جێبەجیٚ ئەکریٚ"**